# ئايا ڕەفيق حەريريەک لە هەرێمي كوردستان هەڵناكەوێ .....!!!!!

د – سيروان زەنگەنە
ئەيلولي 2005

پێش ئەوەي ڕەفيق حەريري باس كرێ وەک سياسەتمەدارێكي لوبناني و وەرگري پۆستي سەرەک وەزيراني ئەو وولاتە بۆ چەند جارێک . ڕەفيق حەريري ئەو مرۆڤە بووكە لوبناني ڕزگاررد لە وێراني و ماڵكاولي 17 ساڵ چەنگي ناوخۆي لەژێر سايە و سەرپەرشتي ڕاستەوخۆ و بە پارەي حەريري لوبنان چەندەها جار سەرلەنوێ بنيات نراوەتەوە و دووبارەش ئەوشوێنانەي وێرانكرا بوو چاک كرايەوە . ئەوەش بە زيرەكي و زانياريو هۆشمەندي ئەو بليمەتە بوو كە لە ماوەي ئەو ساڵا نەي هاوبەشي ڕاستەوخۆي تواني لوبنان بگەيەنێتە ڕێزي دەوڵەتاني جيهان و جاريكي تر بينا سێنێتەوە بە ئابووري و بازرگانێ نێودەوڵەتي بە هەموو كەرتەكاني لە پێشيانەوەش كەرتي خزمەتگوزاري لە سەروو شيانەوە كەرتي خزمەت گوزاري بانكي و دارايي و گەشتووگوزار .
جارێكي تر بنياتنانەوەي ئابووري خزمەتگوزاري كە بريتي بوو لە كەرتي سەرەكي ، بووە هۆي بووژاندنەوەو زيندوو كردنەوي ئابووري ئەو وولاتە كە هيچ ڕۆحێكي تيا نەمابوو.
يەكەم هەنگاوي حەريري لەسەرەتاي دەست پێكردنی دووباره بنياتنانەوەي داڕشتني نەخشەيەكي كاري فراون بوو پێش بووني بە سەرەک وەزيران و پاش بوونيشي . بەهۆي ئەو پەيوەنديە ناخۆو نێودەوڵەتيانەي كە هەيبو تواني لوبنان جارێكي تر بخاتەوە سەر نەخشەي ئابووري نێودەوڵەتي . كە دووباره پەرەي سەند و ڕۆڵي ستراتيژي خۆي ببينێ وەک سەرنترێكي گرنگي كارو خزمەتگوزاري و گەشتووگوزا .
ئەگەرچي بە نەماني حەريري لوبنان و ميللەتەكەي و ئابووريەكەي گەورەترين زەرەري لێكەوت ، بەڵام ئەو تواني ( بەهۆي ئەو پەيوەنديە كۆمەڵايەتيانەي كە هۆكارێكي سەرەكي بوو لەبۆ سوودوەرگرتن لێي بۆ خزمەتكردني بەرژەوەنديە سياسي و كۆمەڵايەتي و ئابوريەكاني وولاتەكەي) ژێرخانێكي ئابووري پتەو سازو دروست كا . بەهۆي ئەو هەنگاوا نەي وا پێشبينی ئەكرێ كە ئەمرۆكە لوبنان بەتايبەتيش دواي چونەدەرەوەي سوريەكان و گەڕاندنەوەي جارێكي تر بەرەو ديمكراتيەت . ئەو خەسڵەتەي خۆي بپارێزێ و بەڵكو زياتر پتەوتر بێ .
ئەمڕۆكە لەهەرێمي كردستان دەيان دەڵەمەندو خاوەن پارە هەيە . ئەگەر بيانەوێ و دەستكەنە كار ئەوا ئەتوانن ئابووري هەرێم بەرەوپێشەوە بەرن لەڕێگاي بنياتنانو دامەزراندني ژێرخانو پێگايەكي ئابووري پتەوو توندوتۆڵ ، نەک تەنها لەڕێي كەرتي خزمەتگووزارەكان [ مەبەست لە لايەنە خزمەتگووزاريەكان كەرتە داراييەكانە كە دەزگاي بانگ و دەزگا داراييەكاني تر وەک كۆمپانياي بيمەو دەزگاي دارايي تر كە هەڵدەستن بە كاري قەرز دان . بەشي سەرەكي ئەم خزمەتگووزارە ئەگرێتەوە و پاشانيش گەشتووگوزار بەشێكي ترە كە گرنگيەكي زۆري هەيە ئەمڕۆ لە جيهاني ئابووريدا ] نەک تەنها ئەوە بەڵكوو لەڕێگاي پەرەپێداني كەرتە سەرەكيەكاني تري هەرێم لە كەرتە بەرهەم هێنەرەكان وەک پيشەسازي ، گشتووكاڵ ، بازرگاني . بۆئەوەي ئەم ئامانجانەش بەدەست بێت حكومەتي هەرێم ولە پێشيانەوە دەزگا ئابووري و داراييەكان پێويستيان بەم كارانەي خوارەوەيە :-
1 - ئاماركردنێكي گشتي سەرجەم خاوەن پارە و دەوڵەمەند و بازرگانە بەتواناكاني هەرێمي كوردستان لەگەڵ پلەي خوێندن و تواناي زانياري هەر يەكەيان . شوێني جێنشينيان لەگەڵ تونا داراييەكاني هەريەک لەوانە .
2 – ئاماركردني ئەو پڕۆژانەي ئەمڕۆ ئەنجام ئەدرێ لە سەرانسەري هەرێمدا . هەروەها داناني پڵانێک بۆ ئەو پڕۆژە پێويست و بە پەلانەي ئەمڕۆي هەرێم لەپێشيانەوە پڕۆژە خزمەتگووزاريەكان لە كارەبا ، ئاو ، جاكسازي خيابانەكان ، پێداو يستەكاني نەخۆشخانەكان و قوتابخانەكان ، دابينكردني خانووبەرە بۆ چارەسەركردني ئەو قەيران و تەنگوچەڵە مانەي لەم بوارەدا هەيە . لە لايەكي تريشەوە پڵانێكي تر دانرێ بۆ ئەوەي داخۆ ئەو پڕۆانە تا چەند كارمەند و كارگەر ئەگرنە خۆيان . بۆئەوەي پێشەكي ژمارەي ئەوانە بزانرێ ، هەر لێرەشەوە ئەتوانرێ لەو دەزگاو كارگەو كۆمپنيانەي كارمەند و كارگەري زيادي هەيە بگۆێزرێنەوە بۆ ئەو پڕۆژە نوێيانە لەڕێگاي هاندانيان و زياد كردني مووچويان . ئەمەش ڕێگايەكە كە حكومەتي هەرێم ئەتوانێ چارەسەري بێكاري ڕەزامەند [ بەقەناعەت ] بكا كە ئەمڕۆ لەناو دەزگاكاني هەرێم دا بە ئاشكرا تێبيني ئەكرێ .
3 - داڕشتني پلانێكي بەرنامەي كار كە لە چەند قۆناغ پێكهاتبێ كە يەكێكيان كورتە خايەن كە لە 6 مانگ زياتر نەبێ وقۆناغێكي درێژە خايەن كە لە 10 ساڵ كەمتر نەبێ و قۆناغێكي تر كە ئەكەوێتە نێوان ئەو دووانەي باس كرا ئەويش 5 سال كەمتر نەبێ كە تێدا تاكتيک و ستراتيژي ڕاپەڕاندني هەر يەک لەو قۆناغانەي تيا دەستنيشان كرێ .

4 - دامەزراندني دەزگا ديموكراسيەكان دوور لە پەيوەندی و تێروانيني حزبي تەسكەوە و دوركەوتنەوە لە هەموو گرژبوو نێكێ حيزبايەتي كە ئەبێتە كۆسپ و تەگەرە لەبەردەم ئەو پڕۆسە ديموكاسيانە . با ديموكراسيش دروشمي هەمووان بێ هەر لەوێشەوە بەرەو بنياتناني هەرێمي كوردستان بچين .

5 - ئاماده كردني كۆمەڵە كادێرێک كە پسپۆڕو تايبەتمەند بن لە زانياري بازرگانـي بە هەمـوو لايەنەكانيـەوە لە پێشيا ئەوە لە بازاڕ و لەكاري بانک و بيرۆكي دامەراندني پرۆژە بارگاني و خزمەتگوزاريەكان . ڕۆڵي خۆيان ببينن بەپێي پێويست بۆ روونكردنەوەي هەموو جۆرە زانياريەک بۆئەو كەسانەي نيازي سەرمايە گوزاريان هەيە لە هەرێمي كردستان ، بۆ ئەوەي نەكەونە گێژاوي كەم زانياري لەسەر بازاڕوو سيستەمي دارايي و باج وگومرگ و هەموو ئەو شتانەي كە پێو يستە لەم لايەنەوە . ليرەشدا ئەتوانرێ شانبەشاني ئەو كادێروو پۆسپۆڕانەي لە ناوەوەي هەرێم هەمانە ، سوود لە پۆسپۆڕي بێگانەو زانياريەكانيان وەرگرين . ئەتوانم ئەوە بڵێم كە هاتني ئەو پسپۆڕە بێگانييانە ئەچێتە ژێر خانەي سەرمايەگووزاري . ئەوان ئەتوانن لەڕێي سوود وەرگرتن لە تواناو زانياريەكانيان وەک سەرمايە گووزاري لەگەڵ لايەني لێپرسراو گفتووگۆ كەن و بێنە ناو بازاڕەكانەوە وەک كەرتێكي زانياري بەخش لە كەرتە خزمەتگوزاريەكان .

6 – سەرلەنوێ بناتنانەوەو بە مۆدێرن كردني سيستێمي بانک لە هەرێمي كوردستان و دروستكردني بەش و پەلي نوێ بە شێوەيەک كە گونجاو بێ لەگەڵ گۆڕانكاري و پێوەرەكاني جيهاني دارايي و شەرتەكاني سەردەمي نوێ . ئەبێ بانک و دەزگا داراييەكاني تري هەرێم هەستن بە داناني پرۆگرام و بەرنامەي كار وسياسەتي تايبەتي داڕژن بۆ خۆ ئامادە كردن و خۆ گونجاندن لەگەڵ گۆڕانكاري نوێ لەسەر تيشكي سەرمايەگووزاري لە ناوخۆ بێ يان دەرەوەي هەرێم بێ . ئەبێ ئاڵووگۆر كردن و پەرەپێدانێک بەسەر بانكەكاني هەرێمدا بكرێ لەڕووي ئاسانكردني پڕۆسەكاني ئاڵووگۆڕ كردن و گواستنەوەي پارە لە حيسابێكەوە بۆ حيسابێكی تر بێ گيرووگرفت. ئەبێ بانک نەرموشل بێ و تواناي گونجاني هەبێ لەبۆ ڕازيكردني مەعميلەكاني بۆ زياتر هێناني مەعميلي نوێ بۆ هەرێم كە بانک هەوڵ دەزگاو هاندەرە بۆ ئەم كارە .

7 - ئەوەمان لە ياد نەچێ كە هەر سەرمايەگوزارێک كاتێک دێتە هەر شوێنێک بۆ كاركردن لەپێشەوە بير لەوە ئەكاتەوە كە ئايندەي پڕۆژەكەي زامنو مسۆگەرو پارێزراو بێ . جا بۆيە بووني دەزگايەكي بيمەي پتەو وەک دەزگايەک لە دەزگا داراييەكان زۆر پێويستە .

لێرەش ئەتوانرێ بە هاوكاري لەگەڵ دەزگا داراييەكاني دەرەوە سوود وەرگيرێ لەبۆ دامەزراندني دەزگاي هاوبەش لە گەڵ هەرێم دا يان بێنە ناوەوە وەک سەرمايەگووزار لەم كەرتەدا . ئەويش ئەبێ لەسەر بنەماي ئەو پێوەرانە بێ كە لەگەڵ بارو دۆخي هەرێما بگونجێ.

8 - ئەگەر چي لە هەرێمي كوردستان ژمارەيەكي زۆرمان لە دەوڵەمەندو خاوەن پارە هەيە ، بەڵام پارە تەنـها مەرج نيە بۆ ئەوەي حەريريەک يا زياتر هەڵكەوێ لە هەرێما . چونكە هەندێ پێوەر هەيە كە ئەبێ لەو مرۆڤانەدا بێ بۆ ئەوەي كە بتوانن هەستن بەكارى سەركەتوانەيان :-

ئا - ئەو مرۆڤانە ئەبێ هيچ نەبێ پلەيەكي خوێندنيان هەبێ كە بتوانن بگونجێن لەگەڵ گۆڕنگاريەكاني بازاڕي دونيا . چونكە لە يەكەم هەنگاودا ئەبێ خۆيان پڕ چەک كەن بە زانياريە بازرگاني و داراييەكاني دونياي ئەمڕۆ . ئەبێ بەردە وام پەوەيەنديان هەبێ بە گۆڕانكاريەكاني ئابووري جيهان ، ئەگينا ناتوانن ئەو ڕۆڵەي خۆيان ببينن بەپێي پێويست .

ب - زانياريەكي تەواويان هەبێ لە سەر بازاڕوو بازاڕكاري و بيرۆكي دامەزراندني پرۆژەي نوێ لەسەر پێوەرە ئابوو ريەكاني جيهان . لەلايەكي ترەوە ئەو سەرمايەگووزارە ئەبێ زانياريەكي باشي هەبێ لە بواري تيئۆري ئيدارەو ڕێک خستنا ، چونكە ئابووري و بازرگانيەكە لە ڕێي ئەو ئيدارەو ڕێخستنە سەركەوتوو ئەبێ وئەتوانێ بە ئاساني پەيوەندي خۆي دروست بكا لەگەڵ سەرمايەداراني دەرەوە . ئەوەش هەنگاوي دووهەمە پاش هەنگاوي يەكەم .

ج - ئەو مرۆڤە ئەبێ پێشەكي سوود وەرگرێ لە سەرمايەگووزاري مرۆڤ لەڕێگاي وەديهێنان وخوڵقاندن و بنياتناني كۆمەڵە كادێرو ستافێكي كار، لەڕێگەي سوودوەرگرتن لە زانكۆكاني هەرێمي كوردستان بەپلەي يەكەم پاشان لە زانكۆ كاني ئێراق ، ئەويش بە هاوكاري لەگەڵ دانشگاكاني هەريم و دنشگاكاني تري ئێراق بۆ دۆزينەوەو دەست نيشان كردني قوتابيە زيرەک و بەتوناكان بۆ ئەوەي ببنە كادێرو لێرسراوي ئايندە . بێ شک ئەوانە ئەبێ زانياريەكاني ئابووري و بازرگاني و ئيدارەو ڕێكخستن بەباشي فێر ببن ئەويش لە ڕێگاي زانكۆكان يا كۆرسي تايبەتيان بۆ بكرێتەوە لەژێر چاودێري پسپۆڕو زاناي تايبەتمەند بەم لايە نانە .

د - لە زۆربەي هەرەزۆري وولاتاني دونيا مرۆڤ كاتي كە تێر ئەبێ لە پێداويستيە ئابووريە تايبەتيە سەرەكيەكان ئەوسا مرۆڤ لە جيهانى ئابووري كە پێي ئەوترێ خزمەتگوزاريە تايبەتمەندەكان [ الخدمة الخاصة] دەست بە هەنگاونان ئەكا بەرەو سياسەت واتا خزمەتگوزاريە گشتيەكان [ الخدمة العامه ] . بەمانايەكي ڕوونتر لە ئابووريە كەوە دەست ئەكا بە ڕۆشتن بەرەو سياسەتەكە . چونكە سياسەت پێناس ئەكرێ بەوەي – شيوەيەكي چڕوخەست كراوەيە لەئابووري - بەڵام لەزۆربەي وولاتاني جيهاني سێهەم بە پێچەوانەو هەڵەوگێڕاو ئەم كارە ئەنجام دەدرێ. مرۆڤەكان لە سياسەتەكەوە ئەچن بەرەو ئابووريەكە واتا لە گشتيەكەوە بەرەو تايبەتمەندەكە . بەشێوەيەكي ڕوونتر سياسەتەكە بەكار دێت بۆ دەوڵەمەند بوون . جا بۆيە زۆر گرنگە ئەم لايەنە ڕەچاو كرێ .

9 - گەلێک دولەمەندو پارەداري بەتوانام لە هەرێمي كوردستان هەيە ئەگەر وەكار كەون و لەلايەن خۆيانەوە و هاندرێن لەلايەن حكومەتي هەرێمەوە و يارمەتيان بدرێ لەڕێي كار ئاسانكردن بۆيان تا بتوانن بە ئازادي كاري خۆيان كەن كە يەكەم هەنگاويان سەرمايەگووزاريە لەو كەرتە گرنگانەي كە ئەمڕۆ پێويستە سازكرێ لە هەرێم . ئەو سەرمايەگووزارە ئەتوانێ هەوڵ بدا لەڕێگەي ئيدارەكاني هەرێم و ژووري بازرگاني هەرێم تۆڕێكي پەيوەندي پتەو

**دروست كا لەگەڵ دەوڵەمەند و پارەدراني وولاتاني دراوسێي هەرێم وەک تركيا ، سوريا ، ئێران . كە زۆر دەمێكە هەرێم پەيوەندي بازرگاني لەگەڵيانا هەيە . لە ڕێي ئەو پەيوەنديەي ئەو مرۆڤە دروستي ئەكا لەگەڵ سەرمايەگووزارە كاني دراوسێي هەريم ئەتوانرێ ژووري بازرگاني هاوبەش دروست كرێ لە نێوان هەرێم ـ توركيا ، هەرێم ـ سوريا ، هەرێم – ئێران . كەئەويش كارێكي گەورە ئەكاتە سەر پەيوەنديە سياسيەكان لە گەڵ ئەو وولاتانا كە ببێتە هاندەرێک بۆ وەديهێناني پەيوەنديەكي پۆزەتيڤانە لەنێوان كوردي ئەو وولاتانەو حكومەتەكانيان .**

**10 – گرنگ ئەوەيە لێرەدا كە حكومەتي هەرێم بتوانێ هەموو جۆرە كارئاسانيو خزمەتگوزراي پێشكەش بەو سەرمايە گووزارانە بكا . نەهێڵێت هيچ كۆسپ وتەگەرە بێتە ڕێيان . هەر لێرەشەوە حكومەتي هەرێم ئەتوانێ لە ڕێي كەم كرد نەوەي باج لەسەر ئەو سەرمايەگووزارانە لە سەرەتاي دەستپێكردنيان بەكار و هەروەها لەڕێگاي ئاسانكردني گمرگ لەسەر ئەو شتوومەكانەي لەدەرەوە ئەيهێنن بۆ ئەنجامداني كارەكانيان . لەلايەكي تريشەوە حكومەتي هەرێم ئەتوانێ لە ئايندەدا كەئەوان كاريان سەركەوتووانە بەڕێوە چوو . لە باتي ئەوە باجە ساڵانە موستەهەقە لەسەريان . داوايان لێكرێ لە جێگەي ئەو باجە پڕۆژەيەک ئەنجام بدەن وەک  دروست كردني خەستەخانە ، قوتابخانە ، يا هێناني پێدويستيەكاني وقوتابخانەو خەستەخانەكان و گەلێكي تر كە ئەويش ڕێگايەكە بۆ بنيتنان .**

**11 – دوور كەوتنەوە لەهەموو شێوەكاني بيرۆكراتيزم چونكە هەر لەڕێي بيرۆكراتيزمەوە هەرچي گەندەڵي و بوو دەڵي و دزي لەناو ئيدارەكانا دروست ئەبێ و باشترين هاندەريشە بۆي . نەهێشتنو لێداني هەموو گەندەڵيو بوودەڵەييو دەست پيسيو دزي لەناودەزگا ئيدارەكاني هەرێما وداناني سنوور وبنە بڕكردنيو سزاداني هەموو ئەوانەي كەمتەر خەمن لەم بوارەداو دوورخستنەوەيان لە شوێني بڕيار بەشێوە يە كي زۆر جيدي . زەبروەشاندن لەهەموو ئەو قاچاخ چيانەي زەرە ئەگەيەننە ئابووري هەرێم . گەندەڵيو وبوودەڵە يي كارێكە كە بەهيچ جۆرێک ناگونجێ لەگەڵ زانياريە ئابووري وبازرگانيەكان . هيچ كاتێكيش سەرمايەگووزار ئامادە نيە سەرمايەي خۆي لە شۆێنێک دانێ كە كۆسپ و تەگەرەي بۆ درووست بێ . ئەو ئەيەوێت بە ئازادي كاري خۆي ڕاپەڕێنێ .**

**12 ـ بەهۆي ئەو پەيوەنديانەي هەرێمي كوردستان هەيەتي لەگەڵ گەلێک لە وولاتاني دەرەوە بۆ نموونە كۆرياى باشوور و چين و هەندێ لە وولاتاني كەنداو . حكومەتي هەرێم ئەتوانێ داوا لەو وولاتانە كا  يارمەتي بدەن بۆ دروست كردن و بنيتناني پێگايەكي ئابووري بازاڕ لەسەر تەرزي نوێ لە ڕێگاي پێگەياندني كۆمەڵە كادرێكي بەتوانا كە زانياريەكاني بازرگاني ئابووري لە بازاڕي ئازادو سەرمايەگووزاري و ڕۆڵي بانک فێر ببن . لە ڕێگاي چەند كۆرسێكي تايبەتي چڕەوە . ئەوەش هەنگاوێكە كە ئەوان بێنە هەرێم وەک سەرمايەگووزار .**

**13 ـ گەر ئەو مرۆڤە سەرمايەگووزارەي واتا ئەو حەريريەي هەرێم سبەێنێ بانگكرا بۆ وولاتێک لە وولاتاني دەرەوە بۆ لێكۆ ڵينەوەو ئاڵووگۆري بازرگاني . ئەبێ ئەو توانايەي هەبێ كە كۆمەڵێک بازرگاني هەرێم كە خاوەن تواناو زانياري تەواون لەگەڵ خۆيا ببات بۆ ئەوەي پەيوەنديە ئابووري و بازرگانيەكان زياترو  پتەوترو سەركەوتووتر بێ . هەر بۆ زانين رەفيق حەريري بۆ هەر شوێنێک بچوايە كۆمەڵێک لەو پياوە سەرمايەدارو بە توانايانەي لەگەڵ خۆي ئەبرد بۆ ئەوەي بە دونياي دەرەوەيان بناسێنێ و هەر لەو ڕێگايەشەوە ئەيتواني چەند پەيوەنديەكي ئابووري و بازرگاني ببەستێ لەگەڵ بازرگانو سەرمايەداراني ئەوێ بۆ سەرمايەگووزاري لە لوبنان .**

**لە كۆتاييدا ئەمەوێ ئەوە دووبارە كەمەوە كە ئێمە نابێ تەبها بير لە فێدراليزم بكەينەوە بەڵكو ئەوديوي فيدراليزمەكە گرنگە . ئەويش بەپلەي هەوەڵ بنياتنان و دابينكردني پێگاو ژێرخانێكي ئابووري پتەوە كە هەر لەوێشەوە لايەنە سياسي و كۆمەڵايەتي و ئەواني تر بەئاساني ئەتوانرێ دابين بكرێ . چونكە دوژمنانو ناحەزاني ميللەتەكەمان ئەتوانن لەلايەنە ئابووريەكەوە زەرەرمان لێ بدەن . جا بۆيە بەڕێگاي ئەو ئابووريە پتەوە ئەتوانين گەلێک دەرگا بگرين و پاشەڕۆژێ هەرێميش زامن كرێ . جارێكي تريش ئەو پرسيارە دووبارە ئەكەمەوە تۆ بڵێي رەفيق حەريرى يەک يا زياتر لە هەرێمي كوردستان دەركەوێ بۆ ئەوەي سەرلە نوێ هەرێم بنياتنێ وژێرخانو پێگايەكي ئابووري پتەو بۆ كوردستان وەديهێنێ ؟ دوور لە هەموو تێڕوانينێكي حيزبي تەسک ، بەڵكو لەڕێي ئەو كارە ئابووريانەي بگاتە ئەو پايە و پلەيەي كە حەريري كاتي خۆي پێي گەيشت . كە هەتا هەتايە ئاسەوارو شۆێن دەستي هەر ئەمێنێ ......!!!!!**